# دەقی دووەمی نامەیەك كە ناگات..!!

توانا ئەمین

**لەساڵی نوێی تەمەنی تۆدا......**

بیست ودووەمین ساڵی تەمەنت خۆشهات وبیست ودوو جار پیرۆزبایت لێدەكەم ,بیست و دوو هەزارجار بەختەوەری تۆم دەوێت.بیست و دوملیۆن جار پێت دەڵێم خۆشم ئەوێیت..ئەمشەو من لای تۆ ئەم یاددەكەمەوە.لەدیوی ئەمدیوی خەیاڵەوە دێم ولەدیوی ئەودیوی پەنجەرە بەرزەكانی ماڵەكەتەوە رەوانەم بكە .

من دێم ولەوێم بەناو پەردە خەت خەتەكەی پەنجەرەكەدا دێمە ژورێ بە ئەسپایی هەنگاو دەنێم و هۆڵە بچووكەكەت دەبڕم, وەك هەمیشە نەوسنانە دەچمە چێشخانەكەت سەلاجە بچووكەكەت دەكەمەوە حەیفێ شیرینی تیانیە! من هەمیشە حەزم لەشیرینییە ,پێم سەیرە لەم جەژنەیا ئەم ماڵە بێ شیرینی بێت!!....

سەلاجەكە دائەخەمەوەو چاوم دەچێتە سەر قاپ و قاچاخەكەت لەناویانا پەرداخەكەم دەدۆزمەوە ئەو پەرداخەی نیوەی لای منەو نیوەی لای تۆ ,ئەینوسێنم بەسینگمەوەو ئەڵێم "من لەمەیا شەربەت دەخۆم" تۆ گوێت لێنییە دەنگم بەرزتر دەكەمەوەو تۆ بێ خەبەریت هاوار دەكەم و تۆ قسەكانم ناژنەفی ,بە قاتێ تراكسودی سەوز و رۆبێكەوە لەماڵەكەدا دێیت و دەچیت وەك ئەوەی شتێكت لێ ووبوبێت یا چاوەرێی كەسێك بیت !!....وادێیتە پێشچاوم گەرمات بێ رۆبەكەت دائەكەنی..لەقاتەكەتدا زیاتر هەست بەجەستەت دەكەم جوانتریت ,چێشخانەكە بەجێدێڵم و "چاوە زارە شینەكە " نابینم دێمەهۆڵكەت لەپەیكەری ئەو منداڵە دەروانم كە بەدیوارەكەوە هەڵت واسیوە ,بیرم دەكەوێتەوە ئـــــاهـــــ ژوری نوستنەكەم نەبینی كەئەچمە ژورەوە كانتۆرەكەتم بەرچاو دەكەوێت ..دەمەوێ روخسەت بخوازم بەڵام تۆ نەگوێت لێمەو نە دەشم بینیت ناچار بێ روخسەت تاكی كانتۆرەكەت دەكەمەوە ..قاتەكانت ..چاكەتە زیرەییكە.. بلوسە كاكاویو قاتەكابۆكەت ..پانتۆڵەكانت .. هەمووشتێك دەبینم تەنانەت ستیانەكانت كە هەڵت واسیون ,لەوماڵەدا هیچ شتێك ئاسەواری ئەوەی لەسەر نییە كەسێكی تری تیا بژی جگە لەسیسەمی نوستنەكە كە من نەمبینی یان نامەوێت ببینم !!.....دواین شتی ئەو ژورە بێزام دەكات ,چاوەرێ ناكەم گوێم لەهەناسەكانی تۆو بۆنی عەترەكانی بەیانیت بێت .

لەسەرمێز تەوالێتەكەت قەڵەم لێوێكی گۆشتی هەڵدەگرم و ئەروانمە ئەو هێڵە وردانەی كە لەخشاندن بەلێوە تەنكەكانی تۆیا تیای دروست بووە ,هەر بەو قەڵەم لێوە دوودێر شیعر لەسەر ئاوێنەكە دەنوسم و ئیمزایەكی خۆم جێئەهێڵم .....دێمەوە هۆڵەكەو CDییەكی "نەریمانی بابان " دەخەمە سەر سیدیەكە و دەمەوێت بڵێم"بەتەنیا گوێگرتن لە نەریمان تامێكی هەیە و بەیەكەوە گوێگرتن تامێكی جیاواز تر" من چوومەتە ناو گۆرانیەكەی نەریمان وتۆش لە تەنیشتمەوە دانیشتوویت زۆر نزیكی هەست بەگەرمی لەشت دەكەم,ناكاو ژورەكە جێئەهێڵیو پاش كەمێك بەكوپێك نیسكافەوە دێیتەوە لام وایە وتووتە " ئیتر ئێمە لەدوو كوپی جیاوازا ناخۆینەوە بەهەردوكمان كوپێكمان بەسە " لامەوە دانیشتویت و بەهێواشی لێوە تەنكەكانت دەخەیتە سەر لێوی كوپەكە قومێك و دوان دەخۆیتەوەو سەرەی من نایەت لەدڵی خۆما دەڵێم "جوولەكە دتەوێت دیقە دیقەم پێبكەیت " چەند قومێكی تر دوایی ئەهێنیێ بەنیسكافەكەو من هیچم لێنەخواردەوە .

وە ختێك كەئەزانم تۆ تائێستا منت نەبینیوە و ناشم بینی هەڵدەستم و لەپەنجەرەكەوە وون دەبم ,ئیتر یا ئەوەتا كەوتومەتە خوارەوە بۆ حەوشەكەو لەوێ مردووم یان لەگەڵ كۆترێك دا فریوم و لەو ئاسمانە لەباڵ دەدەم.

***بەهاری 2003***